# وەهمەکانی لاوی رۆشنبیر

بەهار زایر



لێرەدا مەبەست لە لاوی رۆشنبیر ئەو لاوەیە کە سەرقاڵی کێشەو ماف و ئازادیەکانەو بەبیر و دیالۆگ یان نووسین و هەڵوێستەکانی داکۆکی لە سیاسەتی راستی و بەها رۆشنبیری وکۆمەڵایەتیەکان دەکات, کەسێکە کە بایەخ بە ئاراستەکردنی رای گشتی دەدات و داکۆکی لە وتنی راستی وئازادیە مەدەنیەکان وبەرژەوەندی نەتەوەیی و ئایندەی بەشەریەت دەکات.

ئەمە لایەنێکی سیفەت وئەرکی رۆشنبیرە, بگرە ئەمە رەوایەتی و بەرپرسیاریەتی کەسێکە بانگەشەی پێشکەوتن و گۆڕان دەکات.کەچی بارودۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە , ئەو لاوانەی کە رەخنە ئاراستەی دەسەڵات دەکەن خۆیان دەبن بە شوێنی رەخنە گرتن.خەڵکی لە رۆژئاوا بە ئیمتیازەوە کاری خۆیان دەکەن, بە درێژایی مێژوو,لاوان تەواو کاریگەریان بەسەر دەسەڵاتەوە هەبوە کەچی لای ئێمە ناتوانرێ ئەو رۆڵە کاریگەرە ببینرێ و لە رێگەی گووتارە رەخنەییەکانی خۆیانەوە کە بە راڤەکردن و شیکردنەوەو شێوەی بوون و رەوایی خۆی روون دەکاتەوە وباسی پایە ودەسەڵات وسەرمایە وبەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات.مامەڵەکردنی لاوان لەگەڵ کێشەکانی خۆیان ولەگەڵ واقیعەکەیاندا گەواهی دۆڕان وپەراوێز بوونیانە.

لاوەکانمان غەرقی ناو ئایدۆلۆژیای خۆیانن. تەنها دژایەتی کردنی واقیع دێموکراسی نیە بەڵکوو گۆڕینی واقیع دێموکراسیە.

ئەوان دەیانهەوی بە لاقۆرێك کۆمەڵگا بگۆڕن ,بەڵام ئەمە شێوەی گۆڕان نیە.ناتوانرێ بە بەستنی کۆنگرەو کۆنفڕانس کێشەی گەنجان چارەسەر بکرێ ,کێشەی ئێمە لە کەڵەکە بوونی کێشە ئایدۆلۆژی وسیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووریەکانەوە پێك هاتوە. ناتوانرێ بە کۆپی کردنی رۆژئاوا کێشەکان چارەسەر بکرێن.زۆر جاران ئەمە ئەوەمان بۆ راڤە دەکات کە چۆن ئازادی لەتەك پتر بانگەشە بۆکردنیدا پاشەکشە دەکات.چۆن هەوڵ دان بۆ رابوون شکستی بەدوادا دێت.بگرە ئەمە ئەوە راڤە دەکات کە چۆن چۆنی گۆڕانی عەقڵی لاوان پاشەکشە دەکات وداهێنانی فیکریان خامۆش دەکات.تەنها رەخنەکانی خۆیان ئاراستەی دەوڵەت و سیاسەت دەکەن،کەچی لەو رەخنە راستەقینانەیان دوور دەخاتەوە کە بوونیادەکان دەست نیشان دەکات وبنچینەکان هەڵ دەداتەوە, واتە روانینمان بۆ کەلەپوور لە رەگووریشەوە دەگۆرێت.لاوان پێویستیان بە رەخنەی بەرهەم هێنەرو ئەکتیف هەیە , واتە ئەو رەخنەیەی کە ئیمکانی تێگەیشتن پتر دەکات وچالاکی وکاریگەری زیاتر بەرهەم دێنێ.ئەوەی تائێستا لاو لێی دوور کەوتوەتەوە رەخنەگرتنە لە خوودی خۆی لە پێناوی رووت کردنەوەو ئاشکراکردنی ئەو پێوەندیەی لەگەڵ فیکر و تێگەیشتن وچەمکەکانی خۆیدا دایمەزرێنێ.لێرەوەیە ئیتر لاوەکان قووربانیانی فکرەکانی خۆیانن,قووربانی مێتۆدی بیرکردنەوە خوودیەکانن.بۆیە کێشەکان پێویستە بخرێنە ژێر شیکردنەوە ورەخنەگرتن,دەنا قسەکردن لەسەر ئازادی و رەهایی گەنج ورادەربڕینیان لە پەراوێزی کۆمەڵگا تەنها لەنێو کۆمەڵێکی دەست بژێردا دەمێنێتەوە.لێرەدا چەند پرسیارێکی هەنووکەیی هەن کە واقیعی ئێستا دەیانخاتە روو و واشیان لێ دەکا چاو بەو هەلوومەرجەدا بخشێنێتەوە , بیر لە ئیشکالیەتەکانیان بکرێتەوە کە بۆچی لاوان تووشی رووداوی چاوەڕوان نەکراو دەبن؟!

چۆن چۆنی ئەو باروودۆخە راڤە بکەن؟! بۆچی دەخرێنە پەراوێزەوە؟! بۆچی لەئاست رووداو وبیروتیۆرەکان ناچیز دەبن؟! بۆچی بەدوای ئەو هەموو قسەکردنە لەسەر دیموکراسی, کەچی ئازادیەکان لای ئێمە پاشەکشە دەکات؟! بۆچی گەنج لای ئێمە یان دەخرێتە پشت گوێ یان دەبنە قسەکەرێك بەناوی دەسەڵاتی سیاسیەوە؟!!!

ئەمانە گشت ئەو پرسیارانەن بەرەو ئەوەمان راکێش دەکەن کە بە دوالیزمی تەقلیدانیەی (رۆشنبیر ودەسەڵات) تێپەڕێنین کە بیری هەرە زۆری لاوانی رۆشنبیری ئێمەی قۆرغ کردوە.

بەرەو ئەوە بچین لاوان رەخنە لە( پێوەندی خودیانەو بیریەوە) بگرێ.لێرەدا مەبەست پێوەندی لاوە بەو شووناسەی گوایە پاسەوانی دەکات, یان بەو حەقیقەتەی بانگەشەی بۆ دەکات.لەکۆتایی دا ئەتوانرێ بگوترێ هەتاوەکوو رێکخراوی گەورەترو سیمای گەورەتر بۆ لاوان چێ بکرێ کێشەکان قوولتر ئەبنەوە چوونکە کۆمەڵگایەکی ئایدیالی پێك ناهێنن کە پرەنسیپی عەقلانی وریسای چاکەکاری هەڵیان سووڕێنێ, چوونکە ناکۆکی وململانێکان زێتر دەبن و لەوکاتەی کە بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە لە پێناوی ئازادی ورۆشنبیری کۆمەڵگا خەبات دەکەن کەچی پێوەندیەکانیان زێتر رۆشنبیری خۆی لەدەست دەدات وململانێکان لە پێناوی دەسەڵات وتۆتالیتێری باڵادەست دەبێت.